

KOREK Telecom

كەریم بنزیمە 53 ڕۆژ و 630 خولەكە لە گۆڵكردن وەستاوە..

# كەڵەشێرەكانی فەرەنسا هەندێجار دەبنە مریشكی نەزۆك

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

كەریم بنزیمە، هێرشـبەری فەرەنسی ئەو ڕاستییە دووپاتدەكاتـەوە كە گەورە هێرشـبەرانی فەرەنسـی هەندێجار بەشـێوەیەكی چاوەڕواننەكراو لە گۆڵكردن دەوەستێن، ئەگەرچی لە لوتكەی ئاستبەرزیشیاندا بن. بارودۆخی ئێسـتای بنزیمە لەگەڵ یانەی شاهانە، ئەو دیاردەمـان بەبیردێنێتەوە كە هێشـتا چاودێران هۆكارەكەیانـی نەزانیـوەو بریتییـە لـەوەی گـەورە هێرشـبەرانی فەرەنسـا هەندێجار لە نـاكاودا تواناى گۆڵكردنیان نامێنێت. باشترین نموونەش تێری هێنری هێرشـبەری پێشووی یانەكانی ئارسناڵ و بارسیلۆناو نیكـۆلا ئەنێلكای هێرشـبەری پێشـووی چێلسـی و ڕیـال مەدریدن. هێنری لە وەرزێكـی پریمەرلیگدا لە كاتێكـدا كە لە لوتكەی ئاسـتبەرزی خۆیـدا بوو، 8 یاری بەسەریەكەوە نەیتوانی گۆڵ تۆماربكات. هەروەها ئەنیلكاش چەندینجار ئەو ماوانەی نەزۆكی بەسـەردا هاتووە.

بنزیمە ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا مـاوەی چەندیـن یاری تووشـی نەزۆكی بـوو، ئینجا جارێكی دیكە تواناكانی لەگۆڵكردن تەقینەوەو لە 10 یاریدا 11 گۆڵی تۆماركرد. ئێسـتاش لەگەڵ یانەكەی تووشـی هەمـان حاڵـەت بووەتـەوە. وەك ماڵپەڕی فەرمی یانەكە باسیدەكات «بنزیمە ماوەی 53 ڕۆژ و 630 خولەكە، لە 7 یاری بەدوای یەكدا گۆڵی بۆ ڕیال مەدرید نەكردووە، 5 یاری لیگاو 2 یاری جامی شـای ئیسـپانیا». هەروەها نووسـیویەتی «بنزیمە دوایین گۆڵـی خـۆی لـە 2014/11/29 لە یانـەی مەلەگە كردووە».

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (335) سێشەممە 2015/1/20 30ی بەفرانبار 2714 (500) دینار

ڕۆژنامەیەكی وەرزشی هەفتانەیە كۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری كۆمپانیای كورەك تیلیكۆم دەریدەكات

زۆرترین هەوادارانی لە ئیندۆنیسیان ئینجا لە مەكسیك..

# 4 ملیۆن بەرازیلی هاندەری ڕۆناڵدۆن

3«





جیمیس پێش فالكاو كەوتووە و نزیك بووەتەوە لە شاكیرا

4



باشترین یاریزانی جیهان و كاپتنی

تانگۆ قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەكەن


2



## ژیلوان حەمەد: ئیبراهیمۆڤیچ پرۆژەیەك لە كوردستان ئەنجامدەدات

3«

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (335) سێشەممە 2015/1/20



## وەرزشوانی شەهید

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا - ڕووداو**

لەو شەڕەی کە سەرەتای ئەم مانگە لە ناوچەی گوێڕ ڕوویداو تێیدا ژمارەیەک لە هێزەکانی ئاسایشی کوردستان شەهیدبوون، وەرزشوانێکی ناسراوی شاری هەولێری تێدابوو. ئەو سیروان لاوکۆ بوو، کە یەکێک لە دیارترین یاریزانەکانی تۆپی پێی شاری هەولێر بوو لەسەر ئاستی تیپە میللییەکان، لە ساڵانی نەوەدەکان تاوەکو سەرەتاکانی 2000 یاریدەکرد، ماوەیەکیش لە یانەکاندا یاریکرد، دواتریش لە ئاستی ڕێکخراوەکانی لاواندا کاری دەکردو خزمەتی تیپە میللییەکانی دەکرد، لە پاڵ ئەوەشدا لە ڕێی هێزی ئاسایشەوە پارێزگاری لە وڵاتەکەی دەکرد .سیروان بەوە ناسرابوو کە یاریزانێکی زۆر خێرابوو، هێرشبەرێکی بەتوانا بوو، هاوکات کەسێکی قسەخۆش و نوکتەچی بوو، خۆشەویستی هاوڕێکانی بوو، لە نێوەندی وەرزشیشدا بە وەرزشوانێکی سەرکەوتوو دەناسرا.

ئەستێرەکانی تۆپی دەستی جیهان قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکەن:

# کاپتنی ئەرجەنتین: من و دیماریا باشترینی جیهانین

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - قەتەر**

لە پایتەختی وەرزشیی جیهانییەوە، لە وڵاتێکدا کە بە چەند ساڵێک مەحاڵی لە فەرهەنگی خۆی نەهێشتووەو ئێستا بووەتە ئیمپراتۆری لە ئامێزگرتنی پاڵەوانیەتییە جیهانیەکان و ئەستێرەکان.

قەتەر، ئەو وڵاتەیە کە بووەتە زلهێزێک لە بونیادنانی ژێرخانە وەرزشییەکان، بۆ یەکەمجار لە مێژووی پاڵەوانیەتییەکە لە ڕۆژانی 15ی ئەم مانگە تا سەرەتای مانگی شوبات 24مین پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی جیهان لە ئامێز دەگرێت .

(ڕووداو)، یەکەم میدیای کوردی و تەنانەت عێراقییە لە ڕوماڵکردنی ئەو پاڵەوانیەتییە جیهانییە، کە بە پاڵەوانیەتی خێرایی ناسراوە .

24 هەڵبژاردە زلهێزەکەی ئێستای دونیای تۆپی دەست هیچ ئەگەرێکیان بۆ سوپرایز نەهێشتووەتەوەو زۆرجار بچووکە نوێیەکان گەورەکان تێکدەشکێنن.

لەوێ هەموو ئەستێرەکانی ئەو یارییە ئامادەن، بینینیان بۆ ئێمە مەحاڵ نەبوو، بەڵام قورسیش بوو، چونکە تەنیا ئامانجی ئەوانە لە پاڵەوانیەتییەکە ئەنجامە. نیکۆلا کاراباتیچی فەرەنسی باشترین یاریزانی جیهانەو بۆ یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی یاریدەکات، لە ڕارەوی هاتنە دەرەوەی لە دوای یەکەم یاری بوونە میدیا پێشەنگەکان، کە ئەو یاریزانە قسەی بۆی کرد، ئەو هەوڵیدەدا بزانێت کەناڵەکەی ئێمە کوێیە، بەڵام بەدەم قسەوە بۆی دەرکەوت ئێمە مەبەستمانە زیاتر لە پرسیارێکی لێبکەین.

نیکۆلا گوتی «یەکەم یاریمان لەگەڵ چیک زۆر قورس بوو، ئێمە پاڵەوانی ئۆڵۆمپین و هاتووین نازناوەکە ببەینەوە، بەڵام ئەوان دیاربوو هەر وەک ئێمە خۆیان سازکردبوو هەرچەندە یارییەکی توندوتیژیان کرد، چەندجارێک ئازار درام، بەڵام لەم پاڵەوانیەتیانەدا یاریزانی گەورە نابێت ئەرکی قورس لەخۆی لابات».

باشترین یاریزانەکەی جیهان، کە سەروو 50 نازناوی هەیە، کورێکی هێندە کەڵەگەتە، ئەستەمە وێنایەکی تایبەتی بۆ بکەیت، ئەو دەڵێت «هاندەرانمان بە پەرۆشن بۆمان ئێمەش دەبێت باشترین پێشکەش بکەین، بەڵام ترسمان هەیە لە قۆناخی دواتر بەربەستێکی ئاڵۆزمان بۆ دروستبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ چامپیۆن بین».

ویسام حمامی تونسی، ئەویش ناوێکی دیارە لە تۆپی دەست و زۆربەی هاندەران و یاریزانانی کوردستان دەمێکە ئاشنان بەو ناوە ئەفریقییە، ئەو پێشتر بۆ بارسیلۆناو چەندین یانەی بەهێز یاریکردووەو ئێستا لە خولی فەرەنسایە، کە یەکێکە لە خولە بەهێزەکانی ئەوروپا، گوتی «تونس یەکێکە لە بەهێزترین هەڵبژاردەکان و بە شایەتی هەمووان ئێمە باشترین هەڵبژاردەی ئەفریقیاین، بەڵام ئاستی هەڵبژاردەکانی دیکەش لەم پاڵەوانیەتییەدا بەرزبووەتەوە، بە یەک یاری ئاستمان دەرناکەوێت، دەمانەوێت سیناریۆی ساڵی 2007 دەربخەینەوە کە ئاستێکی خەیاڵیمان پێشکەشکرد، ئەوەش لە یاریزانە هاوڕێکانم رادەبینم» .

گۆنزالۆ ماتیۆس کارۆی کاپتنی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و باشترین یاریزانی ئەمەریکای باشوور، قسەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کردو گوتی «هەڵبژاردەکەمان پاڵەوانی ئەمەریکای باشوورەو پێکهاتەیەکی باشمان هەیە، نزیکەی 7 یاریزانمان لە خولەکانی ئەوروپان، بەڵام لە قۆناخی کۆمەڵەکان ئەرکمان ئاسان نییە، ئێمە لە کۆمەڵەی ئاسنین یاریدەکەین».

کارۆ گوتیشی «ئێمە بە باشی خۆمان ئامادەکردووەو هیچ سنوورێک بۆ جیاوازی یاریکردن نەماوە لە تۆپی دەست، هەمووی کاریگەرە بەخێرایی و وردبینی، ئێمەش ئەوەمان لە خۆمان بەرجەستەکردووە» .

کاپتنەکەی تانگۆ کە لە خولی فەرەنسی پیشەگەرە، ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا لە دوای تۆپی پێ و باسکەوە تۆپی دەست پاڵپشتی تەواوەتی لێدەکرێت لە وڵاتەکەی و هاندەرێکی باشی هەیە .

بە لارێدانمان بە تۆپی دەست ئەو کە هەمان نیشانەی کاپتنی هاوشێوەی میسی لە قۆڵە، بەڵام لە تۆپی دەست «دەڵێت هەموو ستارەکانی ئەرجەنتین یەک دەناسین، چۆن ئەمساڵ دیماریا بووە باشترینی تۆپی پێی ئەرجەنتین منیش 3 ساڵی لەسەریەکە باشترینی تۆپی دەستم لە وڵاتەکەم» .

ئەڵمانەکانیش هەڕەشەیەکی دیکەی ئەم پاڵەوانیەتییەن، یەکێک لە بەهێزترین خولەکانی جیهانیان هەیە، بەناوبانگترین یانە کیلە لە ئەڵمانیا، 7 یاریزانی سەرەکی بۆ مانشافت لەم پاڵەوانیەتییە ناردووە، وینک پاتریک یاریزانی هەڵبژاردەکە کە نەمبەر سێڤنە، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «مانشافتیش ناوێکی ناسراوە لێرە، بەڵام هەمووان ئاستی دەزانن و بڕینی قۆناخەکان ئاسان نییە، قورسترین پاڵەوانیەتییە کە من لە ئێستاوە سەیری دەکەم» .

پاڵەوانیەتییەکە لە 3 هۆڵی ستانداری جیهانی بەڕێوەدەچن، هەموو کارەکانیش بۆ ڕۆژنامەنووسان و لۆجیستیپەکان لە ئاستی ستارە بەرزەکانی جیهانیپەو نزیکەی 200 فۆتۆگرافەر و 600 ڕۆژنامەنووس ڕوماڵی ڕووداوەکە دەکەن.



باشترین یاریزانی جیهان:

## ئێمە بۆ نازناوەکە هاتووینەتە قەتەر

# گۆڵچییەکەی چیلی دێتە کوردستان

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - دەوحە**

گۆڵچی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی چیلی، هاوڕێی کوڕە کوردێکی دانیشتووی ئەوروپایەو دەڵێت «حەزدەکەم بەم زووانە بێمە کوردستان» .

فلیپی بارینتۆسی، گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی چیلی بەشدار لە جامی جیهانی تۆپی دەست، لە دەوحەی پایتەختی قەتەرەوە بە (ڕووداوی وەرزشی)ی گوت «دەمێکە کوردستان دەناسم، چونکە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە ڕێگەی هاوڕێیەکی کوردم بە ناوی ئاری، کە خێزانەکەی خەڵکی چیلییە ئاشنای کوردستان و وەرزشەکەی بوومە» . ئەو لە ڕێگەی (ڕووداوی وەرزشی)یەوە جەختی لەوە کردەوە کە پلانی سەردانیکردنی کوردستانی هەیە.

بارتینۆس، خاوەنی فێرگەیەکی تۆپی دەستە لە وڵاتەکەی و چوارەم جاریەتی بەشداری جامی جیهانی تۆپی دەست دەکات و لە پاڵەوانیەتی فێرگەکانی جیهانیش تیپەکەی خاوەن ئەزموونێکی گەورەیە .

ئاری حەمە، هاوڕێی بارتینۆس لە سویدەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «هەر جارێک بچینە چیلی دەچینە فێرگەکەی ئەو گۆڵچییە، کە خاوەن کەسایەتیەکی گەورەیە لە وڵاتەکەی و چەند جارێک هەوڵیداوە پێکەوە سەردانی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوکاری ئەو یارییە لە کوردستان بکات و پەیوەندی نێوان تۆپی دەستی چیلی و کوردستان بەهێز بکات.




لە چەمچەماڵ..

# وەرزش حزبایەتی تەڵاق دەدات

**زانا شوانی**
**ڕووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

دوای ئەوەی لە وەرزی ڕابردووی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەهۆی ڕوودانی ئاژاوە لە یاری نێوان یانەی چەمچەماڵ و ئاڵتون کۆپری لە یاریگەی چەمچەماڵ، یانەی چەمچەماڵ لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە سزادراو بۆ خولی یانە پلە دووەکان دابەزێنرا، دوای ساڵێک زیاتر لە ڕووداوەکە چەند وەرزشکارێکی دێرین لیژنەیەکی کاتیان پێکهێنا بۆ ڕزگارکردنی وەرزشی شارەکەیان.

مامۆستا ڕێبوار سەی خدر، سەرپەرشتیاری ئەو لیژنەیە، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دوای یەک مانگ لە کۆبوونەوە و ڕاوێژکردن بە وەرزشکارە دێرینەکان و کەسایەتییە دیارەکانی وەرزشی چەمچەماڵ و بە هاوکاری ئامانج محەممەدی قایمقامی چەمچەماڵ، چەند کەسێکی خۆبەخش لیژنەیەکی کاتیان بۆ یانەی چەمچەماڵ پێکهێنا، کە پێکهاتوون لە ئامانج محەممەد وەک سەرۆکی یانەی چەمچەماڵ و ئەندامان مامۆستا هیلال، زیاد ئەنوەر ئاغا، بەکر، سەمەد، یەعقوب و ئاراس» .

بە قسەی سەرپەرشتیاری لیژنەکە بێت، ئەوان دەیانەوێ جلی حزبایەتی لە وەرزشی شارەکەیان داکەنێنن «ئامانجی لیژنەکەمان زیندووکردنەوەی وەرزشی چەمچەماڵ و ڕزگارکردنی یانەی شارەکەمانە، لەو پێناوەشدا بڕیارمانداوە دوور لە حزبایەتی و ڕەنگەکان کاربکەین، هیچ حزب و لایەنێک ئەم لیژنەیەی دانەناوە» .

ئامانج محەممەد، قایمقامی چەمچەماڵیش لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «من وەک قایمقامی چەمچەماڵ کە بوومەتە سەرۆکی یانەکە ئەوەی لە توانامدا بێت بۆیان دەکەم، هیچ کاتێک لە گەڵ ئەوەدا نیم وەرزش و حزبایەتی تێکەڵاو بکرێت، ئێمە ئەم لیژنەیامان داناوە بۆ ئەوەی وەرزشی چەمچەماڵ چاکبکرێت» .







## متمانە پێکراوە

ژیلوان حەمەدی یاریزانی کوردی یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی لە لێدوانێکی تایبەتدا هۆکاری مانەوەی لەگەڵ یانە ئەڵمانییەکەی بۆ (رووداوی وەرزشی) روونکردەوەو رایگەیاند کە ئەو هێشتا نەبووەتە یاریزانێکی سەرەکی، بەڵام لەبەر راهێنەرەکەی لەو یانەیە نەرۆیشتووەو گوتی «لەبەرئەوەی هۆفنهایم ئێستا پارەیەکی زۆری هەیە، چەندین یاریزانی بەتوانای کڕیوە، بۆیە دەمویست برۆمە یەکێک لەو یانە ئەڵمانیانەی داوای گرێبەستیان لێکردووم، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی سوێدیش ببمە یاریزانی سەرەکی، بەڵام راهێنەری هۆفنهایم هەمیشە پێمدەڵێت ئارام بگرە، متمانەم بە تواناکانتە، بۆیە نەرۆیشتم».

ژیلوان حەمەد، یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی سوێد و یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی:

# زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ زۆر لە بارەی کوردستانەوە دەزانێت



ژیلون لەگەڵ هاوکارمان لەکاتی ئیمزاکردن لەسەر ئەو درێسەی پێشکەشی (رووداوی وەرزشی) کردووە

لە شاری هایدلبێرگی ئەڵمانی، (رووداوی وەرزشی) سەردانی ماڵی ژیلوان حەمەدی یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی سوێد و یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی کرد، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ئەنجامداو چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد. لەو سەردانەدا ژیلوان حەمەد، ئەو درێسەی کە لەگەڵ یانەی هۆفنهایم لەبەردەکات بە ئیمزای خۆی پێشکەشی (رووداوی وەرزشی) کردو هیوای خواست لەم هاوینەدا ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە ریزەکانی هەڵبژادەی نیشتیمانیی سوێد.

شێروان یاسین
رووداوی وەرزشی ـ ئەڵمانیا

**«ئەگەر مەسعود ئۆزێل شانازی بە کوردبوونی خۆی نەکات، گرنگ نییە کوردبێت یان نا»**

**«دەمەوێ یاری بۆ ئەی سی میلان یان ریال مەدرید بکەم»**

**رووداوی وەرزشی: تۆ کە یاری لە بۆندسلیگا دەکەی، یەکێک لە بەهێزترین خولەکانی جیهان، متمانەی ئەوەت بەخۆیە ببیە یاریزانێکی سەرەکی یانەی هۆفنهایم؟**

ژیلوان حەمەد: لە راستیدا ئەوە ماوەی ساڵێکە لە ئەڵمانیام، هێشتا بە تەواوی جێگەی خۆم نەکردووەتەوە، بەڵام گەورەترین هیوام ئەوەیە ببمە یاریزانێکی باش لە بۆندسلیگا، کە یەکێکە لە خولە باشەکانی جیهان.

**رووداوی وەرزشی: تۆ وەک کوردێک بەرپرسیارێتییەکی گەورەت لەئەستۆیە بەوەی لە رێگەی هۆفنهایمەوە بتوانی ببییە یاریزانی گەورە یانەیەکی جیهان، بارسیلۆنا، ریال مەدرید، مانچستەر یونایتد یان بایرن میونشن و ئەوانی دیکە؟ ئایا تۆ بیرت لەو بەرپرسیارێتییە کردووەتەوە؟**

ژیلوان حەمەد: هەموو یاریزانێک هەر لە منداڵییەوە خەون بەوە دەبینێت یاری بۆ یانە گەورەکان بکات. من ئێستا کە لە هۆفنهایمم خەونی من ئەوەیە لە چەند ساڵێکدا ببمە باشترین یاریزانی ئەو یانەیە، ئینجا بێگومان خەونم ئەوەیە رۆژێک یاری بۆ یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی یان ریال مەدریدی ئیسپانی بکەم. هەرچەندە ئێستا تەمەنم 24 ساڵەو دەبێ خەونەکانم لە خەونەکانی یاریزانێکی تەمەن 16 ساڵی جیاوازبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تۆپی پێیە ئەگەر ساڵێک یاری باش بکەی هەموو دەرگاکان لەبەردەمتدا دەکرێنەوەو چانسی ئەوەت بۆ دێت یاری بۆ یانەیەکی گەورە بکەی.

**رووداوی وەرزشی: کەی لە ریزەکانی هەڵبژاردەی سوێد دەتبینین؟**

ژیلوان حەمەد: ئەوە گەورەترین هیوای منە، دەمەوێ لەم هاوینەدا ببمە یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی سوێدو 90 خولەک یاری بکەم.

**رووداوی وەرزشی: هاندەرانی کورد دەیانەوێ لە کاتی یاریکردن سیمایەکی کوردانەت پێوەدیاربێت، واتە دەتوانی وەک زۆر لە یاریزانە ئەفریقیی و ئاسیاییەکان لە کاتی یارییکردن ئاڵایەکی کوردستان لەدەستت بکەی، کە بێگومان ئەورووپییەکان رێگە لەو شتانە ناگرن؟**

ژیلوان حەمەد: ساڵی 2013 کاتێک لەگەڵ یانەی ماڵمۆ جامی سوێدمان بردەوە ئاڵایەکی کوردستانم هەڵگرتبوو، وێنەکە زۆر بڵاوبووەتەوە. من شانازی بە کوردبوونی خۆم دەکەم، هێندە باسی کورد دەکەم ئێستا لە هەموو سوێد کە ناوی من دێت دەزانن من کوردم. هیوادارم درێسێکی ژێرەوەم بە ئاڵای کوردستانەوە هەبێت، ئەگەر گۆڵێکم کرد، درێسی سەرەوەم لەبەربکەمەوە و ئاڵای کوردستان نمایش بکەم، ئەگەر لەو پێناوەدا کارتێکی زەردیش وەرگرم کێشە نییە.

**رووداوی وەرزشی: بیستوومانە تۆ هاورێیەکی زۆر نزیکی زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی؟ ئایا ئەو هیچ لە بارەی کوردەوە دەزانێت، قەت لەو بارەوە قسەتان نەکردووە؟**

ژیلوان حەمەد: بەڵێ، زڵاتان زۆر باش کورد دەناسێت و کاتێک لەگەڵ دادەنیشم زۆر باسی کوردستان دەکەین، چونکە هاورێی منداڵیەتی ئەو کوردێکە، باشترین و نزیکترین هاورێی ئەو کوردەیە کە پێکەوە گەورەبوونە، ناوی نۆشییە، خەڵکی سلێمانییە، ئێستا ماڵی لە هامبێرگە، بەڵام پێشتر ماڵی لە ماڵمۆ بوو، ئێستا خاوەنی کۆمپانیایەکە. کاتێک چوومە هەڵبژاردەی سوێد بە زڵاتانی گوت ئەمەش کوردە، واتە ئاگاداری بە.

لە راستیدا زڵاتان هاورێی زۆر کەمە، ژمارەی مۆبایلی کەم کەسی هەیە، ئەو نۆشییە نزیکترین کەسیەتی بۆیە زۆر لە بارەی کوردستان دەزانێت و وابزانم پلانێکی هەیە لە پرۆژەیەک لە کوردستان ئەنجام بدات.

**رووداوی وەرزشی: راستە دەڵێن زڵاتان کەسێکی زۆر لەخۆبایی و خۆسەپێنەرە لەگەڵ هاورێکانی؟**

ژیلوان حەمەد: لە راستیدا وانییە. لەوانەیە ئەگەر لە تەلەڤزیۆن ببینی وابزانی کە ئەو زۆر فشەفش دەکات و خۆی پێ گەورەیە، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە بیناسی وانییە، زۆر گاڵتە دەکات. کوڕێکی زۆر بەرێز و باشە، یارمەتی خەڵک دەدات. تەنانەت ئەگەر یەکێک بە تەنیا ببینێت پێیدەڵێت وەرە لێرە دانیشە.

**رووداوی وەرزشی: دەکرێ نرخی گرێبەستەکەت لەگەڵ هۆفنهایم بزانین و ئایا ماوەکەی چەندە؟**

ژیلوان حەمەد: ماوەی گرێبەستەکەم 3 ساڵ و نیوە، لەو ماوەیەدا نزیکەی 8 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرم، واتە بۆ هەر ساڵێک زیاتر لە 2 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرم.

**رووداوی وەرزشی: بۆچی لە سوێد و لە ئەورووپاش بە گشتی زۆر یاریزانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی لاوانی وڵاتانی ئەورووپا دەبینین، کەچی لە هەڵبژاردە نیشتیمانییەکان نایانبینین؟ هۆکارەکان چین؟**

ژیلوان حەمەد: لە راستیدا وایە، لە تیپە لاوەکانی سوێددا زۆر یاریزانی باشی کورد هەیە، بەڵام دواتر ون دەبن و نامێنن، ئێستا لە خولی پلە یەکی سوێددا یەک یاریزانی کوردیش نییە. منیش نازانم، زۆر بیری لێدەکەمەوە، زۆریان بەهۆی پەروەردەی ماڵییە، دایک و باوکیان لەوە تێنەگەیشتوون کە تۆپی پێ کارێکی باشە، خۆم برادەری کوردم هەبووە لە تەمەنی 15 و 16 ساڵی زۆر لە من باشتر بووە، کەچی دایک و باوکی بڕیاریانداوە لە پێناو قوتابخانە کوڕەکەیان لە تۆپی پێ قەدەخە بکەن، چیدی رێگەیان پێنەداوە یاری بکات. لە راستیدا هەندێکیشیان کە تەمەنیان دەگاتە 18 ساڵی رێگەیان لێ ون دەبێت و بە دوای شتی دیکەی وەک دیسکۆ و رابواردن دەکەون.

**رووداوی وەرزشی: ئەی بۆ تۆ بەردەوام بۆی و رێگەت ون نەکرد؟**

ژیلوان حەمەد: لە راستیدا ئەوە بۆ چاکەی باوکم دەگەڕێتەوە کە بەردەوام لەگەڵمدا بووە، هاوکاری کردووم و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ رەخساندووم.

**«هیچ هەستێک واملێناکات یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکەم»**

**رووداوی وەرزشی: زۆرجار لە کوردستان باس لەوە دەکرێت کە هەندێک لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی ئەورووپا کوردن، وەک ئیدین دەیردۆکی سویسری و مەسعود ئۆزێلی ئەڵمانی، تۆ چ زانیارییەکت لەو بارەوە هەیە، ئایا ئەوانە کوردن؟**

ژیلوان حەمەد: منیش هەر لە منداڵییەوە گوێم لەوە بووە کە مەسعود ئۆزێل کوردە، بەڵام کە ئەو بەخۆی نەڵێت کوردم و سەربەرز نەبێت بە کوردبوونی خۆی بەلای منەوە کورد بێت یان نا، گرنگ نییەو بە کورد حەساب نییە. سەبارەت بە ئیدین دەیردۆکیش، کە یاریزانی هەڵبژاردەی سویسرایە، گوێم لێبووە کە کوردی باکووری کوردستانە، بەڵام لە راستیدا باش نایناسم.

**رووداوی وەرزشی: ئەگەر هەڵبژاردەی عێراق داوای لێکردبای یاری بۆ بکەی چ بڕیارێکت دەبوو؟**

ژیلوان حەمەد: لە راستیدا لە ساڵی 2010 کە ئەوکات سیدکای ئەڵمانی راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بوو، رۆژێک لە ماڵەوە بووم، سیدکا تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی حەزدەکەم بێی لەگەڵمان تێستێک بکەی بۆ ئەوەی بزانی یاریکردنی ئێمەت بەدڵ دەبێت و یاریمان بۆ دەکەی یان نا، بەڵام پێمگوت نەخێر، چونکە ئەوکات کاپتنی هەڵبژاردەی لاوانی سوێدی تەمەن خوار 21 ساڵی بووم، حەزمدەکرد هەر لەگەڵ سوێد بەردەوام بم، کە بێگومان جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەڵبژاردەی سوێد و عێراقدا هەیە. لە راستیدا نامەوێ لە راگەیاندنەوە هەموو قسەیەک بکەم، بەڵام هیچ هەستێک واملێناکات یاری بۆ عێراق بکەم، هەرچەندە ئێستاش دەتوانم یاری بۆ بکەم، چونکە بێجگە لە یارییە دۆستانەکان هێشتا هیچ یارییەکی فەرمیم بۆ هەڵبژاردەی نیشتیمانیی سوێد نەکردووە.

**رووداوی وەرزشی: بەڕای تۆ باشترین یاریزان کە یاری تۆپی پێی کردبێت کێیە؟**

ژیلوان حەمەد: زۆر سەرسامم بە رۆناڵدۆی بەرازیلی و ئەندرێ شیڤشینکۆی ئۆکرانی و زینەدین زێدانی فەرەنسی.

**رووداوی وەرزشی: لە کام یاریدا حەزت کردووە لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتیمانیی سوێد یاری بکەی؟**

ژیلوان حەمەد: لە یاری یەکلاکەرەوەی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2104 کاتێک بەرامبەر هەڵبژاردەی پورتوگال یاریمان هەبوو، ناوم ژمارە 19 بوو لە لیستی 20 یاریزانی یارییەکە، واتە لە یەدەگەکان نەبووم، بەڵام لەگەڵ راهێنەر و یەدەگەکان دانیشتم، حەزم دەکرد یاریم کردبا. کە لە راستیدا رۆناڵدۆ ئەو رۆژە هەڵبژاردەی سوێدی تەواوکرد، هاتریکی تۆمارکردو هەر بەو هاتریکەش باڵۆن دۆری 2013 بردەوە.

**رووداوی وەرزشی: ئارێن رۆبنی هۆڵەندیت پێباشترە یان فرانک ریبێری فەرەنسی؟**

ژیلوان حەمەد: هەردووکیان یاریزانی زۆر باشن، بەڵام رۆبنم پێباشترە، چونکە هەرکاتێک تۆپ بگاتە بەر قاچی زۆر مەترسیدارە.

**رووداوی وەرزشی: پێشتر رووداوی وەرزشی پۆستەرێکی تۆی بڵاوکردووەتەوەو ئەگەر وێنەیەکی کوالیت بەرزی بە درێسی هۆفنهایمەوە دەستکەوت جارێکی دیکە دەیکاتەوە پۆستەر بۆ جەماوەری وەرزشیی کوردستان؟**

ژیلوان حەمەد: باشە بەسەرچاو، وێنەیەکی باشی خۆم بە درێسی هۆفنهایمەوە بۆ (رووداوی وەرزشی) دەنێرم.

**رووداوی وەرزشی: زۆر سوپاس کە زۆر کاتمان لێوەرگرتی؟**

ژیلوان حەمەد: کێشە نییە، منیش سوپاسی ئێوەو (رووداوی وەرزشی) دەکەم.

**«دەمەوێ لەم هاوینەدا ببمە یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی سوێدو 90 خولەک یاری بکەم»**

**«درێسێک کە ئاڵای کوردستانی لەسەربێت لە ژێرەوە لەبەردەکەم و ئەگەر گۆڵێکم لە بۆندسلیگا تۆمارکرد درێسی سەرەوەم لەبەردەکەمەوە»**

**«لە ئەورووپا زۆر یاریزانی باشی کورد هەیە، بەڵام لەبەر دیسکۆ و رابواردن ون دەبن»**







* ناوی ژیلوان حەمەدەو ناسراوە بە (چیلە).
* لە 1990/11/6، لە شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان لەدایکبووە.
* بە رەچەڵەک خەڵکی شاری رانیەی باشووری کوردستانە.
* درێژی باڵاکەی 173سانتیمەترەو کێشی 79 کیلۆگرامە.
* یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتیمانی سوێد و یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانییە.
* پێشتر یاری بۆ هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتوانی تەمەن خوار 17 ساڵ و هەڵبژاردەی لاوانی تەمەن خوار 19 و خوار 21 ساڵی سوێدیش کردووە.
* شوێنی یاری کردنی هێڵی ناوەڕاستە.

هەوادارانی کریستیانۆ کێن؟

# بەرازیلییەکان شێتی رۆناڵدۆن



«تەنیا لە ئیندۆنیسیا 6.1 ملیۆن کەس هاندەری کریستیانۆن»

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

رۆژنامەیەکی ئیتاڵی بەدواداچوونێکی بڵاوکردەوە لە بارەی شێوازی ژیانی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بە گشتی و ئامارەکانی ئەو یاریزانە لە یاریگەکاندا، هەروەها باسی ئامارێکیش دەکات کە لە بارەی لاپەڕەی ئەو یاریزانە ئەنجامدراوە لە پێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.

رۆژنامەی لاگازیتا دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی لە میانەی راپۆرتێکدا ئاشکرایکرد کە لاپەڕەی فەرمی کریستیانۆ رۆناڵدۆی باشترین یاریزانی جیهان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەسەریەکەوە، لە پێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زیاتر لە 70 ملیۆن هەوادار «فان»ی تێدا هەیە، زۆرترین ژمارەی هەوادارەکانیشی لە وڵاتی ئیندۆنیسیان کە ژمارەکەیان دەگاتە 6.1 ملیۆن کەس.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، مەکسیکییەکان لە پلەی دووەمدا دێن کە 4.4 ملیۆن کەسیان هەواداری کریستیانۆن، بەرازیلییەکانیش لە پلەی سێیەمدا دێن کە 4 ملیۆن هەواداری کریستیانۆیان لەناودا هەیە.

هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلەی چوارەمی ریزبەندی هاندەرانی کریستیانۆیان گرتووە بە 3.8 ملیۆن کەس و هیندییەکانیش لە پلەی پێنجەمدان بە 3.7 ملیۆن هەوادار. ژمارەکەی دیکەی هاندەرانی ئەو یاریزانەش بەسەر وڵاتانی دیکەدا لە سەرانسەری جیهاندا دابەش بووە.

پێشتریش دەمودەزگاکانی راگەیاندن ئاشکرایانکردووە کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە رووی ناسراوی و ناوبانگەوە لە پێش لیۆنێل میسی رکابەری تەقلیدی خۆیەتی و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا زیاتر لە میسی ناوبانگی هەیە، بێجگە لە هەردوو وڵاتی ئەرجەنتین و چین، کە لەو دوو وڵاتەدا میسی پێش رۆناڵدۆ دێت.

ڕووداوی وەرزشی
ژمارە (335) سێشەممە 2015/1/20




## دەیشکێنێت

دیێگۆ کۆستای هێرشبەری ئیسپانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی ریکۆردێکی نوێی لە مێژووی یانەکەیدا شکاندو بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی یانەی چێڵسیدا کە لە 22 گەڕی خولی پریمەرلیگدا 17 گۆڵ تۆماربکات. رۆژنامەکانی بەریتانیا پەسنی کۆستایان داو رایانگەیاند کە ئەو ئێستا یەکێکە لە باشترین هێرشبەرانی جیهان، چونکە وەک نووسیویانە «کۆستا لە کۆی 22 گەڕی خولەکەدا بەشداری لە تەنیا 19 یاریدا کردووەو 17 گۆڵی تۆمارکردووە، کە پێشتر هیچ یاریزانێکی چێڵسی ئەوەی نەکردووە».

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# داعش بکوژە و یایا فریشتەیە و میسیش دەبێتە شەیتان

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## لای داعش سزای سەیرکردنی تۆپی پێ کوشتنە



رێکخراوی تیرۆریستی داعش، هەفتەی رابردوو 13 گەنجی لە گەڕەکی یەرمووک لە شاری موسڵ کوشت، لەبەرئەوەی سەیری یاری نێوان عێراق و ئوردنیان لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا کردبوو. بە گوێرەی راگەیاندراوی دەزگاکانی راگەیاندنی عێراق، داعش ئەو گەنجانەی بردووەتە سەر گۆڕەپانێکی وەرزشی گەورە لەبەر چاوی دەیەها کەس گوللەبارانی کردوون، پاشان بە بڵندگۆ رایان گەیاندووە ئەو گوللەبارانکردنە پەیامێکە بۆ هەموو ئەوانەی پێچەوانەی یاساکانی داعش هەڵسوکەوت دەکەن. سەرچاوەکانی رۆژنامەوانی لە موسڵ دووپاتیدەکەنەوە، تەرمی ئەو گەنجانە هێشتا هەر لە جێگەی خۆیانن و کەس و کاریان لە ترسی داعش ناوێرن بیانبەنەوە، نەوەک ئەوانیش بە دەردی ئەوان ببەن. رێکخراوی داعش لە هەندێ ناوچە سەیرکردنی یارییەکانی تۆپی پێی قەدەخە کردووە، چونکە بە لێکدانەوەی ئەوان لە خۆرئاواوە هاتووە، لەوەش زیاتر داعش هەندێ بڵاوکراوەی لەسەر شەقامەکان چەسپاندووە، کە فەرموودەی ناڕاستی لەسەر نووسراوە لە بارەی حەرامکردنی وەرزش.

## یایاش دژی چارلی ئیبدۆیە



یایا تۆرێ، یاریزانی کوتدیڤواری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی نیگەرانی خۆی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ موسڵمانان لە فەرەنسا دوای رووداوەکەی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ دەربڕی.

دوای ئەوەی کوشتنی 12 رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی چارلی ئیبدۆ راگەیێندرا، لەبەرئەوەی وێنەی خراپی لە دژی ئیسلام و پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێت) بڵاوکردبووەوە. تۆرێ بۆ تۆڕی CNN ی ئەمریکی دواو گوتی «بەرامبەر بە دۆستەکانم لە موسڵمانانی فەرەنسا هەست بە نیگەرانی دەکەم، دەترسم تووشی تەنگپێهەڵچنین و ئازاردان ببنەوە». هەروەها گوتی «من وەک موسڵمانێک پێموایە هەموو کەسێک لە دەربڕینی رای ئازادی خۆی سەربەستە، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە بزانین هەندێ رۆژنامە هەندێجار شتی زیادەڕەو بڵاودەکەنەوە، ئەمەش رەتکراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە بەهەمان شێوازی خراپیان بکوژرێن، بەڵام دەبێت هەموو بزانن جیاکاری لە نێوان ئازادی رادەربڕین و سووکایەتیکردن بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێت) بکەن، چونکە ئەوە سووکایەتیکردنە بە زیاتر لە ملیارێک و نیو موسڵمان لە جیهاندا».

## ئەدیداس دەیەوێ میسی بکاتە شەیتان



رۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێسی بەریتانی ئاشکرایکرد کۆمپانیای ئەدیداسی بەناوبانگ یارمەتی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دەدات، لیونێل میسی ئەستێرەی بارسیلۆنا بباتە ریزەکانییەوەو کارگێڕی مانچستەر یونایتد لە هەوڵی ئەوەدایە لە هاوینی داهاتوودا گرێبەست لەگەڵ لیونێل میسی واژووبکات. رۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە، کۆمپانیای ئەدیداس لە سەرەتای هاوینی داهاتووەوە دەبێتە سپۆنسەری مانچستەر یونایتد، دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی لەگەڵ کۆمپانیای نایکی، بە گوێرەی هەواڵەکانی هەمان رۆژنامە، ئەدیداس ئامادەیە بە بڕە پارەیەکی زۆر کە خۆی لە 200 ملیۆن پاوەند دەدات یارمەتی مانچستەر یونایتد بدات، بۆ ئەوەی میسی بباتە ریزەکانییەوە.

لەو بارەوە رۆژنامەی AS ی ئیسپانیش هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و لەو بارەوە نووسیویەتی «ئەدیداس ئەو راستییە دەزانێت کە سپۆنسەریکردنی میسی لەلایەن کۆمپانیای نایکەوە، کاریگەری زۆری کردووەتە سەر بازاڕەکەی، بۆیە دەیەوێ بە هەر نرخێک بێت میسی بباتە یانەیەک کە خۆی سپۆنسەری بێت».

## هێشتا تەمەنی تەنیا 8 ساڵە..

# کوڕەکەی تۆتی بە منداڵی ناوبانگ دەردەکات



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ئەو سێلفییەی فرانچیسکۆ تۆتی کاپتنی یانەی رۆمای ئیتاڵی لە دوای گۆڵ تۆمارکردنی لە یانەی لازیۆ گرتی، بووە هۆکارێک بۆ ناوبانگ دەرکردنی کوڕەکەی، کە هێشتا تەمەنی تەنیا 8 ساڵە.

دوای ئەو سێلفییە جەماوەری لازیۆ رەخنەیەکی زۆری لەو هەڵسوکەوتەی تۆتی گرت و بە چەندین شێوە سەرزەنشتیان کرد، بەڵام جەماوەری یانەی رۆما بێدەنگ نەبوون لەبەردەم ئەو هێرشەی هاندەرانی یانەی هاوشارەکەیان کردیانە سەر کاپتنی یانەکەیان و بە جۆرێکی دیکە گاڵتەیان بە لازیۆ کردو لە رێگەی پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوایان لە کلاودیۆ لۆتیتۆی سەرۆکی یانەی لازیۆ کرد بۆ خۆی گرێبەستێک لەگەڵ کوڕەکەی تۆتی بکات و لەگەڵ تیپی یەکەمی یاری پێبکات و لەو بارەوە نووسیبوویان «سەرۆک تۆ دەتوانی کوڕەکەی تۆتی بکڕی و ریزەکانی تیپی یەکەمی یانەکەت پێ بەهێز بکەی، چونکە ئەو هەرچەندە بە تەمەن زۆر بچوکە، بەڵام وەک باوکی خۆی یاریزانێکی زۆر باشە، بە بەڵگەی ئەوەی بەر لە چەند رۆژێک لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووانی رۆما گۆڵێکی لە لازیۆ کردووە».

# سانچێز دوو ئەوەندەی ئەگـــــویرۆیە




**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

دوای ئەوەی مانوێل پلگرینی راهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی راشکاوانە رایگەیاند کە ئەلیکسیس سانچێزی یاریزانی چیلیی یانەی ئارسناڵ باشترین یاریزانی پریمەرلیگەو گوتی «تەنانەت لە سێرجیۆ ئەگوێرۆش باشترە». تۆڕی سکای سپۆرتی بەریتانی بەراوردێکی لەنێوان ژمارەکانی ئەو دوو یاریزانە لە قۆناخی یەکەمی پریمەرلیگدا ئەنجامدا.

بە پێی ئەو بەراوردەی تۆڕی سکای سپۆرتی بەریتانی لە نێوان هەردوو هێرشبەر ئەلیکسیس سانچێز لە ئارسناڵ و سێرجیۆ ئەگوێرۆ لە مانچستەر سیتی ئەنجامدا، دەرکەوت کە سانچێز دوو ئەوەندە لە ئەگوێرۆ باشترە. هەروەها تۆڕی سکای سپۆرت، لەگەڵ ئەم بەراوردە راپرسییەکیشی لەنێو جەماوەری پریمەرلیگدا بۆ ئەو دوو یاریزانە ئەنجامداو دەرکەوت کە سانچێز بە رێژەی 61%ی دەنگەکان متمانەی هاندەرانی بەدەستهێناوەو رێژەی دەنگەکانی ئەگوێرۆ تەنیا 39% بوو.

ژمارەکان بەمشێوەیە بوون. کە تەنیا ژمارەکانی قۆناخی یەکەم هەژمارکراون:

| ئەلیکسیس سانچێز | سێرجیۆ ئەگوێرۆ |
|---|---|
| یاری: 20 | یاری: 16 |
| گۆڵ: 12 | گۆڵ: 4 |
| رێژەی گۆڵکردن: گۆڵێک لە هەر 139.8 خولەکدا | رێژەی گۆڵ: گۆڵێک لە هەر 76.9 خولەکدا |
| رێژەی شووت لێدان: 27.9 | رێژەی شووت لێدان: 24.1 |
| ئەسیست: 7 | ئەسیست: 3 |
| هەڵ رەخساندن: 57 | هەڵ رەخساندن: 15 |



ژمارە (335) سێشەممە 2015/1/20

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**جامی کاپیتال وان** — سێشەممە 2015/1/20 — 10:45
لیڤەرپوول - چێڵسی

**جامی ئیسپانیا** — چوارشەممە 2015/1/21 — 12:00
بارسێلۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید

**جامی ئاسیا** — پێنجشەممە 2015/1/22 — 10:30
کۆریای باشوور - ئۆزبەکستان

**جامی ئەفریقیا** — هەینی 2015/1/23 — 07:00
جەزائیر - غانا

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 20)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/1/24** | |
| قورتوبە - ریال مەدرید | 06:00 |
| ئیلچێ - بارسێلۆنا | 08:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - رایۆ ڤالیکانۆ | 10:00 |
| ریال سۆسیداد - ئیبار | 12:00 |
| ڤیارڕیال - لیڤانتی | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/25** | |
| دیپۆرتیڤۆ - غەرناتە | 02:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - مەلەگە | 07:00 |
| ئیسپانیۆل - ئەلمێریا | 09:00 |
| ڤالێنسیا - سڤیلیا | 11:00 |
| **دووشەممە 2015/1/26** | |
| خیتافی - سێلتاڤیگۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 45 |
| 2 - بارسێلۆنا | 44 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 41 |
| 4 - سڤیلیا | 39 |
| 5 - ڤالێنسیا | 38 |
| 6 - ڤیارڕیال | 35 |
| 7 - مەلەگە | 31 |
| 8 - ئیبار | 27 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 23 |
| 10 - رایۆ ڤالیکانۆ | 23 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 28 |
| 2 - میسی | بارسێلۆنا | 19 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 12 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 11 |
| 5 - بەیڵ | ریال مەدرید | 9 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 20)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/1/24** | |
| کالیاری - ساسۆلۆ | 08:00 |
| لازیۆ - میلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/1/25** | |
| ئینتەرمیلان - تۆرینۆ | 05:00 |
| یوڤانتۆس - کیێڤۆ | 05:00 |
| پارما - چیزینا | 05:00 |
| سامپادۆریا - پالێرمۆ | 05:00 |
| ڤیرۆنا - ئاتالانتا | 05:00 |
| فیۆرەنتینا - رۆما | 10:45 |
| **دووشەممە 2015/1/26** | |
| ئیمپۆلی - ئۆدینێزی | 09:00 |
| ناپۆلی - جەنەوا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 46 |
| 2 - رۆما | 41 |
| 3 - ناپۆلی | 33 |
| 4 - سامپادۆریا | 33 |
| 5 - لازیۆ | 31 |
| 6 - فیۆرەنتینا | 30 |
| 7 - جەنەوا | 28 |
| 8 - میلان | 26 |
| 9 - ئینتەرمیلان | 26 |
| 10 - پالێرمۆ | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 13 |
| 2 - هیگواین | ناپۆلی | 10 |
| 3 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 10 |
| 4 - دیبالا | پالێرمۆ | 10 |
| 5 - مینێزیانە | میلان | 9 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 22)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/23** | |
| نیس - مارسیلیا | 10:30 |
| **شەممە 2015/1/24** | |
| لیل - مۆناکۆ | 07:00 |
| باستیا - بۆردۆ | 10:00 |
| گانگۆن - لۆریان | 10:00 |
| مۆنبیلیە - نانت | 10:00 |
| ئیڤیان - تۆلۆز | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/25** | |
| لیۆن - میتز | 04:00 |
| رین - کان | 07:00 |
| ریمس - لانس | 07:00 |
| سانت ئیتیان - پاریس سانجێرمان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیۆن | 45 |
| 2 - مارسیلیا | 44 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 41 |
| 4 - سانت ئیتیان | 40 |
| 5 - مۆناکۆ | 36 |
| 6 - مۆنبیلیە | 32 |
| 7 - بۆردۆ | 32 |
| 8 - نانت | 31 |
| 9 - رین | 30 |
| 10 - نیس | 28 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازیتی | لیۆن | 21 |
| 2 - جینیاک | مارسیلیا | 12 |
| 3 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 8 |
| 4 - دیاباتی | بۆردۆ | 8 |
| 5 - ویسام | تۆلۆز | 8 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2015/1/22** | |
| زێرەڤانی - سلێمانی | 02:30 |
| ئارارات - برایەتی | 02:30 |
| شێروانە - هندرێن | 02:30 |
| **هەینی 2015/1/23** | |
| هەولێر - پێشمەرگەی سلێمانی | 02:30 |
| پێشمەرگەی هەولێر - نەورۆز | 02:30 |
| دهۆک - کەرکووک | 02:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - دهۆک | 25 |
| 2 - زێرەڤانی | 23 |
| 3 - زاخۆ | 20 |
| 4 - نەورۆز | 19 |
| 5 - پێشمەرگەی هەولێر | 13 |
| 6 - سلێمانی | 13 |
| 7 - شێروانە | 13 |
| 8 - هندرێن | 12 |
| 9 - برایەتی | 12 |
| 10 - ئارارات | 12 |
| 11 - هەولێر | 11 |
| 12 - کەرکووک | 9 |
| 13 - پێشمەرگەی سلێمانی | 7 |
| 14 - بروسک | 0 |

## جامی ئینگلتەرا (قۆناخی 32)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/23** | |
| کامبرێدج یونایتد - مانچستەر یونایتد | 10:55 |
| **شەممە 2015/1/24** | |
| بلاکبێرن - سوانزی سیتی | 03:45 |
| چێڵسی - برادفۆرد سیتی | 06:00 |
| بریستۆن - شیفیلد یونایتد | 06:00 |
| دێربی کاونتی - چیسترفیلد | 06:00 |
| بێرمنگهام سیتی - ویست بڕۆمیچ | 06:00 |
| کاردیف سیتی - ریدینگ | 06:00 |
| مانچستەر سیتی - میدلزبرە | 06:00 |
| تۆتنهام - لیستەر سیتی | 06:00 |
| ساوسهامبتۆن - کریستال پالاس | 06:00 |
| سەندەرلاند - فۆلهام | 06:00 |
| لیڤەرپوول - بۆلتۆن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/1/25** | |
| بریستۆل سیتی - وێستهام | 05:00 |
| ئەستۆن ڤێلا - بۆرسمۆس | 06:00 |
| برایتۆن - ئارسناڵ | 07:00 |
| **دووشەممە 2015/1/26** | |
| رۆشدێل - ستۆک سیتی | 11:00 |

## جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/1/20** | |
| کۆتدیڤوار - غینیا | 07:00 |
| کامیرۆن - ماڵی | 10:00 |
| **چوارشەممە 2015/1/21** | |
| بۆرکینا فاسۆ - غینیای ئیستیوائی | 07:00 |
| کۆنگۆ - گابۆن | 10:00 |
| **پێنچشەممە 2015/1/22** | |
| تونس - زامبیا | 07:00 |
| کۆماری کۆنگۆ - کاپ ڤێردی | 10:00 |
| **هەینی 2015/1/23** | |
| جەزائیر - غانا | 07:00 |
| سەنیگال - باشووری ئەفریقیا | 10:00 |
| **شەممە 2015/1/24** | |
| ماڵی - کۆتدیڤوار | 07:00 |
| غینیا - کامیرۆن | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/25** | |
| بۆرکینا فاسۆ - کۆنگۆ | 09:00 |
| غینیای ئیستیوائی - گابۆن | 09:00 |
| **دووشەممە 2015/1/26** | |
| تونس - کۆماری کۆنگۆ | 09:00 |
| زامبیا - کاپ ڤێردی | 09:00 |

## جامی شای ئیسپانیا

### قۆناخی 8 (یاری چوون)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2015/1/21** | |
| ڤیارڕیال - خیتافی | 10:00 |
| مەلەگە - ئەتلەتیک بلباو | 12:00 |
| بارسێلۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 12:00 |
| **پێنجشەممە 2015/1/22** | |
| ئیسپانیۆل - سڤیلیا | 12:00 |

## جامی ئیتاڵیا (قۆناخی 16)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/1/20** | |
| رۆما - ئیمپۆلی | 11:00 |
| **چوارشەممە 2015/1/21** | |
| فیۆرەنتینا - ئاتالانتا | 08:00 |
| ئینتەرمیلان - سامپادۆریا | 11:00 |
| **پێنچشەممە 2015/1/22** | |
| ناپۆلی - ئۆدینێزی | 11:00 |

**جامی ئەفریقیا** — هەینی 2015/1/23 — 10:00
سەنیگال - باشووری ئەفریقیا

**خولی ئیتاڵیا** — شەممە 2015/1/24 — 10:45
لازیۆ - میلان

**خولی عێراق** — پێنجشەممە 2015/1/22 — 02:00
هەولێر - کەربەلا

**خولی ئیسپانیا** — یەکشەممە 2015/1/25 — 11:00
ڤالێنسیا - سڤیلیا



رۆژنامەی ASی ئیسپانی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بەراوردێکی لە نێوان هەردوو ئەستێرەی یانەی شاهانە، کریستیانۆ رۆناڵدۆ و گاریس بەیل ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی بزانرێت کامیان سەرکەوتووترن لە جێبەجێکردنی لێدانە راستەوخۆوەکان. لەو بەراوردەدا دەردەکەوێت کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا بەیڵ لە باشترین یاریزانی جیهان باشترە، چونکە وەک ئەو رۆژنامەیە نووسیویەتی «لە رووی تۆمارکردنی گۆڵ لە رێگەی لێدانەکانی راستەوخۆوە، لە دوایین دوو ساڵدا بەیڵ لە هەر 9.5 لێدان گۆڵێک دەکات، کەچی رۆناڵدۆ لە هەر 15.5 لێدان یەکێکیان گۆڵ دەکات».



رێبوار محەممەد

# چەند وێستگەیەکی کورت

## مێسی..

کە یاریکرد دەدرەوشێتەوە، کە درەوشایەوە دەبێ گۆڵ بکات، کاتێک گۆڵی کرد سییەکانی بارسا دەکەونەوە کار، لە خۆڕا نییە هەڵمەتی من مێسیم هاوتای هەڵمەتی من چارلیم بەرپاکراوە، ئەوکاتەی کێشەکان مێسی بە خەمۆکی دەسپێرن، بارسا رادەوەستێت، کاتێک ئەو دەگەشێتەوە، بارسای سەردەمی گواردیۆلامان بیر دەکەوێتەوە، ناهەقی نییە و زیادەڕۆیی نییە، مێسی یەکسانە بە بارسا، کە ئێنریکێ لەو راستییە لادەدات هەڕەشە دەکەوێتە سەر پۆستەکەی، بۆ ئەوەی بەیەکجاری لەدەستینەدات، دەبێ لەوە تێ بگات بارسا تیپێکە بەچواردەوری مێسیدا بونیادنراوە.

## رۆناڵدۆ..

لەبەرئەوە نا کە باسی مێسیم کردووە باسی رۆناڵدۆش دەکەم، بەڵام تۆمارکردنی دوو گۆڵ لە پاش رۆژێک لە جیابوونەوە لە شۆخێکی وەک ئیرینا شایک، بۆ رۆناڵدۆ مایەی هەڵوەستەیە، کەم نین ئەو یاریزانانەی بەهۆی کێشە سۆزدارییەکانیانەوە لە سوپەر یاریزانەوە دەبنە یاریزانێکی لەبیرکراو، رۆناڵدۆ بەو دوو گۆڵەی لە گیتافی کرد، پێشانیدا ئەو زۆر پیشەگەرە، ئاخر پیشەگەری ئەوەیە لە سەر کارەکەت هەموو شتە تایبەتەکانی خۆت لەبیر بکە، کە شوێنی کارەکەت بەجێهێشت بیناخەرەوە ناو مێشکت، لە یەکەم تاقیکردنەوەدا رۆناڵدۆ ئەوەی پێشاندا، مەرجە لە داهاتووشدا نەهێڵێ رۆیشتنی شایک رەنگدانەوەی لەسەر ئاستی هەبێت.

## کۆمپانی..

هەمیشە بە ئاستی ئەو یاریزانە سەرسام بووم ، ئەو یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مان ستی، لە رابردوودا وابووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو یانەیە گرێبەستەکەیان بۆ نوێکردەوە، ئەو بەرگریکەرە زۆرجار بەباشترین یاریزانی یارییەکە دەردەکەوێت، تیپەکەی لە چەندین دۆخی نالەبار رزگار دەکات، وەلێ هەندێکجاریش کورد گوتەنی قوڕی بۆ دەگرێتەوە، ئەوەی بەرامبەر ئارسیناڵ کردی لەو جۆرە بوو، لێدانێکی سزا و چەندان هەڵە و دواتر گۆڵێکی دیکە کە بەرپرسیاریەتی ئەو بوو، بەکورتی کۆمپانی ئاوایە، هاوشێوەی رامۆسە، هەندێکجار رزگارکەری تیپەکەیەتی و هەندێکجاریش سەرچاوەی نەهامەتییە.

## ئینزاگی..

لەسەرەتاوە پێم وابوو بێرلسکۆنی و گالیانی ناهەقییان بەرامبەر سیدۆرف کرد، هەلی نیو وەرز زیاتریان نەدایە و هەر زوو لە مەشقدانی یانەکەیان دوورخستەوە و بە پەلە ئینزاگییان هێنایە جێگا، ئینزاگی بەو میلانەی پاشماوەی سکەهەڵگوشین و نەکڕینی یاریزانان و دەستگرتنەوەی یانەکەیە، تیپێکی دروستکردووە، هەندێکجار باش و هەندێکجاریش خراپ دەردەکەوێت، لەسەرەتای وەرزەوە زنجیرەیەک ئەنجامی باشی بەدەستهێنا، وەلێ ئێستا گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی، ئەو راهێنەرە دەڵێ یاریزانەکانم متمانەیان بەخۆیان نییە، ئێ باشە کاری گەورەی راهێنەر ئەوەیە متمانە لای یاریزانەکانی دروست بکات، دەبێ وایان لێبکات بڕوایان بەخۆیان هەبێت هەموو یارییەک دەبەنەوە، کە ئینزاگی ئەوەی پێنەکراوە، ئەوە هەڵەی ئەوە و کەموکورتییەکی گەورەیە، گەر ئینزاگی ئەوەی پێنەکرابێت، پێم وایە سیدۆرف دەیتوانی ئەوە بکات، بەڵام لەگەڵ بێرلسکۆنی و گالیانیدا هیچ ناکرێت.

## ڤان خال..

لەگەڵ مانچستەر یونایتد دۆخێکی بەرز و نزمی هەیە، رۆژێک بردنەوە و رۆژێک دۆڕان، کەوتووەتە دۆخێکی خراپەوە لەگەڵ رۆژنامەنووسان، ئەو لە بنەمادا راهێنەرێکی وشک و کەلەڕەقە، زۆر کەم گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەی دەگرێت، ئەنجامەکانی بەدڵی هاندەرانی یانەکە نین و رەخنەکانیشی قبوڵ نییە. راهێنەرە هۆڵەندییەکە نارازییە لەوەی هاندەرانی یانەکەی پێیدەڵێن بە 5 ـ 3 ـ 2 یاری مەکە و بە 4 ـ 4 ـ 2 یان 4 ـ 3 ـ 3 یاریبکە، ئەو دەڵێ مانچستەر خاوەنی 600 ملیۆن هاندەرە من ناتوانم دڵی هەموویان رازی بکەم، ناتوانم تەکتیکەکانم لەسەر قسەی ئەوان دابنێم. جیا لە هاندەرە سوورپۆشەکان، ڤان خال لەگەڵ رۆژنامەنووسەکانی ئینگلتەراش لە شەڕێکی بێوێنەدایە، دیارە ئەو لەبیری چووە رۆژنامەنووسە ئینگلیزەکان زۆر راهێنەری وەک ئەویان ناچار بەرۆیشتن کردووە، ئاخر لە خۆڕانییە رۆژنامەنووسەکان دەڵێن ساڵی رابردوو مۆیس هەمان خاڵی ئێستای ڤان خالی بەدەستهێنابوو، ئەو 100 ملیۆنیشی خەرج نەکردبوو.

# رۆخۆ مافیایە



**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

مارکۆس رۆخۆ، بەرگریکاری ئەرجەنتینی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، بە دانانی وێنەیەک و گوتەیەک لەسەر پەیجی خۆی لە ئینستاگرام، هەوادارنی خۆی توورە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نییە ئەو وێنەیە لاببات.

دوای ئەوەی وێنە و گوتەی پابلۆ ئیسکۆباری یەکێک لە بەناوبانگترین مافیا و بازرگانەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر پەیجی خۆی لە ئینستاگرام بڵاوکردەوە مشتومڕێکی زۆری نایەوە، چونکە ئیسکۆبار کە بەناوبانگترین بازرگانی مادەی هۆشبەر بوو لە سەدەی بیستدا و بە پاشای کۆکایین ناسراو بوو، هۆکاری مردنی هەزارەها کەس بوو بەهۆی جەنگی چەتەکان لە هەشتاکان و نەوەدەکان، تاوەکو بە گوللەی پۆلیسی کۆلۆمبیا کوژرا.

رۆخۆ وێنەیەکی ئیسکۆباری لەگەڵ گوتەیەکی بەناوبانگی بڵاوکردەوە کە دەڵێت «تەنیا برسییەکان لەگەڵم بوون و لە رۆژگارە سەختەکان هاوشانم بوون، تەنیا ئەوان لەسەر هەمان مێز لەگەڵم نان دەخۆن». بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە هەرایەکی زۆری لە نێو هەوادارانی رۆخۆ نایەوە، کەچی رۆخۆ رازی نەبوو لەو بارەوە هیچ بڵێت و تاوەکو ئێستا وێنەکەشی لانەداوە.

ماریۆ بالۆتێلی، هێرشبەری ئیتاڵی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزیش بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەک لە ئینستاگرام یەک یاری راگیرا، چونکە بەوە تۆمەتبارکرا کە بانگەشەی رەگەزپەرستی دەکات.

(رووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..........................................

3 سی و هەشتەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.



## پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت

ئەرشەد عەبدوڵڵا
لە
خەبات
بە لێدوانی:
( سەیرکە لەملاوە، وێنەمان لە رووداوە )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: بەختیار مستەفا - هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک رووداو بخوێنەوە